# دیداری دەستور لەگەڵ نوسەر و رووناکبیر عەلی زەڵمی سەبارەت بە پرسی شوناس

**سازدانی : ڕایان عوسمان**



**دەستور/ شوناسی تاکی کورد دەتوانرێت وەک شوناسێکی بێ کەموکورت سەیربکرێت ؟**

عەلی زەڵمی / بێگومان دەبێت ئیمە لەسەرتادا ئەوە روونبکەینەوە کە مەعریفەی کوردی تا هەنووکە چی بەرهەمهیناوە لەمەڕ شوناس و پرسی شوناس ، پاشان کێن و کوان ئەو تێزو قوتابخانە فیکریی و زانستاینە بەم ئەرکە هەڵسابن. مەخابن لەم دەڤەرەی ئیمەدا بودجە بۆ هەمووشت پرسیاری لەسەر دەکرێت کەس نیە خەمی توێژنەوەی زانستی و ئەکادیمی بخوات ئەمە یا بەجێهێڵراوە بۆ زانکۆکان، کە بەداخەوە کەمترین کاراییان هەیە لە بەرهەمهێنانی فکر و زانستدا یاخود بۆ گەڕەلاوژەی دوتۆی چەند گۆڤار و رۆژنامەیەک، کە ئەمەشیان بێ بەهاکردنی کاری رۆژنامەوانی نییە. بەڵکو پرسی ئێمە لێرەدا قەیرانی پرۆفیشنالیەتی و بواری تایبەتە ، نە بوونی ژۆرنالیکی وەرزی لە زانکۆ و دامودەزگا زانستیەکاندا .گەر هەمان بن، ئەم گرفتەی قوڵتر کردوەتەوە. لێرەوە رێگە بەخۆم ئەیەم ئەو راستیە بدرکێنم کە نەک هەر شوناسی تاکی کورد ناکرێت و ناگونجێ وەک بێ خەوشو کەموکورت سەیرنکرێت بەڵکو لە هەنووکەدا هەڵگری دەیان قەیرانە و بارگاویە بە دەیان پرس. کە ئێمە نیگەرانی خۆمان پێشان دا لەسەرەتادا لەسەر نەبوونی لێکۆڵینەوە لەمڕووەوە ، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت تا ئێساش رۆشنبیریی کوردی ئیمە پێناس و چوارچیوەی زانستی نییە بۆ شوناس ، پاشان ئەم هەمە گۆڕانکاری و گواستنەوە و موناقەشە زانستتی سۆسیلۆژییەی بەرهەمهینراوە و روویداوە لە جیهاندا سەبارەت بەم چەمکە هەستیارە کەچی لای ئێمە کە باس دێتە سەر شوناس یەکسەر زیهنیەتمان دەچێت بۆ لای شوناسی نەتەوەیی یا کلتور ، بەتایبەتی شوناسی ئاینی و مەزهەبی ، ئیدی تاک وونە و بۆشاییەک لە نێوان تاک و دەستەجەمعیدا نەهێلراوەتەوە. کەواتە هەر لەسەرەتاوە ئەم چەمکە پڕ ئیشکالیەتە و پێوستمان بە پێناسە و ناسینەوە و فۆرمدانی نوێ هەیە بۆ شوناس لە فەرهەنگی کوردیدا و لە گفتوگۆ زانستی و فکریەکاندا لەمەڕ ئەم چەمکە. بۆ نمونە تائێستاش هەرچی دەوترێت لەسەر شوناسی تاک و کۆمەڵگەی کوردی لەژێر رۆشنایی فەلسەفەی رۆشنگەری و مۆدیرنەدایە و لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسی

کلاسیک دەرنەچوە ، بەڵام ئەوەی ئێمە بە تەنگیەوەیەن دۆزینەوەی سەرەداوەکان و شفرەکانی شوناس و خودە لە زانستی کۆمەڵزمانزانی ( sociolinguistic، دەروونزمانزانی و هەروەها تێپەڕاندنی هەیەمەنەی مۆدیلی فەلسەفەی مۆدیرنەو بونیاتگەرەکان و بنەڕەتگەراکان یا جەوهەرگەراکان ( Essentialism ) .

**دەستور/ بەشداری کوێرانەی سیاسی کە ئێستا کۆمەڵی کوردی گرتوەتەوە ، شوناس بەرەو کوێ دەبات ؟**

عەلی زەڵمی / ئەو دەربڕینە زۆر راستە 'بەشداری کوێرانە ' بەداخەوە تاکی ئیمە زیاتر لەژێر هەژمونی کۆدا کار و ئەداو هەلسوکەوتی رۆژانەی ژیانی نمایش دەکات. لێرەوە ناپرسێ و نازانێ ،یان نایانەوێت، بزانێت بۆچی سیاسەت دەکات و بۆ کێی دەکات و بگرە خودی کاری سیاسی لە کوێی کۆمەڵگەدایە و پێناس و ئەرکی چییە، نەک هەر سیاسەت بگرە تۆ دەبینی خویندکاریک بوارێک دەخوێنێ نازانێ بۆچی ئەمەی کردوە ، سەرکردەیەک بڕیارێک دەر دەکات نە ڕاوێژی بەخۆی کردوە نە بە راوێژکاران یاخود دەبینی کە گەنجیک تورەیە .. هتد ئەمانە نمونەی ئەو' بەشدارییە کوێرانەیە' ئەمە مانای ئەوە نییە هەرگیز کە کۆمەڵ و تاکی ئیمە هیچ هۆشیاری نییە بەڵام ئیمە گوتاری تاک و کۆمەڵ شیدەکەینەوە لە بوارەکاندا ، بەتایبەتی لەخشتەبردنی سیاسی کە گوتاریکی دوردرێژە لەم دەڤەرەی ئێمەدا و مێژوویکی ناشیرنی هەیە. کەواتە نەکردنی ئەو پرسیارانەی باسمان کردن و نەبوونی ئەو گومان و رارایەی لای تاکی کورد کە بۆچی ئەجۆرە لە سیاسەت دەکات ئەویدی ناکات نیشانەو هیمان بۆ گرفتی شوناسی تاک لەم جڤاتی ئیمەدا. ئاخر لەم ژینگە سیاسیە نا تەندروستەی کوردستاندا بەتایبەتی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە هەرزانترین شێوە و ریکلام وەدەست دەخرا و سۆزی تاک و کۆ زۆر بە ئاسانی رادەکێشرا و مرۆڤەکان بەخێرایی بێهۆش دەبوون بە جورعەیەکی بچوک. ئەمانە هەمووی دەلالەت لە جێگیر نەبوون و پێنەگەیوی تاکی ئیمە دەکەن لانی کەم لە بواری تێگەیشتن لە دیموکراسی و ژیانی سیاسی، ئەگەرنا مانای نییە بە دوعای مزگەوت ، فیکەی سەرجادە ، هۆڕینی ئۆتۆمۆبیل ، کارتی تەلەفون سەرنجی خەڵکی راکێشی هەروەها لەبری مانیفستۆی سیاسی و دوبەیتی میدیایی لەنێوان لیستە رکەبەرکاندا بە هەراوهۆریاو تەکبیرو نەڕەنەڕی حەماسی و شیعریی و گریان و لوشکە لوشک خەڵک لەخۆت کۆبکەیتەوە. ئەم هەڵبژاردنە جاریکیتر پیشانی داین چەندە تاکی ئیمە نەمەییوە و چەندە سیاسیە مخەزرەمەکانمان لێزانن لە یاریکردن بە سۆزو ئاوەزی تاکی کورد وە هەر لێرەوەشە کۆمەڵناس و چاودێرەکان رێگە بەخۆیان ئەدەن پرسیاری گەوەرە لەسەر شوناس و پرۆسەی خودناسی تاکی ئیمە بکەن.

**دەستور/ لە زەمەنی ئێستادا تەکنەلۆژیا چۆن بەشداری لە بەرهەمهێنانی شوناسدا دەکات و هەروەها ئایا فرە شوناسی وەک بەرهەمی ئەم رۆژگارە کار ناکاتە سەر ئاراستە و ئایدیاکانی تاک؟**

عەلی زەڵمی / ئەم پرسیارە گفتوگۆی ئێجگار زۆر وەردەگرێت بیریار و چاودێر هەیە تەواوی ژیانی زانستی و فیکریی خۆی لەسەر ئەم پرسە دانناوە ، بگرە زیادە رۆیی ناکەین گەر بڵێین ئەم پرسە بووتە

هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەی فیکریی و میتۆدی زانستی لە زانستەکانی کۆمەڵناسی، مێژووی بیر ، خویندنی کەلتوریی و خویندنی میدیا و ئەدەب و هونەردا . تێزەکانی بۆردیار و لیۆتارد جیمسن وەک رابەرانی پۆستمۆدیرنزم زۆرترین قورسیایان داوە بەم کاریگەریەیی تەکنۆلۆژیا بۆسەر ژیانی مەردووم لە پاش نیوەی سەدەی رابردوەوە. نەک هەر ئەمە بەڵکو تەکنۆلۆژیا خودی ماناکانی چەمکی کات ، شوێن و ژیانی گۆڕیوە. من لەشوینی دیکەدا باسم کردوە چ پێکهاتەیەکی سەیرە مرۆڤی ئەمڕۆ بە جینزیکی چاینیەوە تیشیتیکی بەرشەلۆنە وە سەیری زنجیرەی 'پریسن برەیکی' ئەمەریکی لەشاشەی تەلەفیزیۆنی ژاپۆنی لەسەر قەنەفەی تورکی و پیزای ئیتالی دەخوات بە نۆشابەی ئێرانییەوە هتد. گرێدانەوەی لۆکاڵی بە جیهانیەوە و مۆدێرنە بە ترادیسۆنەوە لە ئەدگار و مۆرکەکانەی مرۆڤی هاوچەرخن . هەر ئەمەیە یەکیکی وەک بنیامین باربەرە لە کتیبی " جیهاد دژی ماکۆرڵد " دا باسی تیکەڵی ئەو مەرامانە دەکات لەپشتی گروپە تیرۆرستەکان و کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوەیە و یەکگرتنەوەی ئامانجەکانیان هەندی جار. کەواتە لەم فەزایە ئاڵۆزو ناڕۆشنەدا کە بیریاران لەسەری کۆکن پەیوەندیەکان نارۆشن و تابلێی ئاڵۆزن وەک پەیوەندی نێوان ئاین و دەوڵەت ، تاک و کۆ ، کلتور و شێوازی ژیان ، زانست و متافیزیک هتد. هەر لەم سۆنگەیەوە مرۆڤی هاوچەرخ دەکری هەڵگری چەندین پیناسی جۆراوجۆر بێت و بگرە لەمەش سەیرتر دەکریَ کەسیک هەڵگری شوناسی دژ بەیەک بێت . ئاخر بەیانیان مامۆستا و ئێواران شۆڤێری تاکسی و یان بەیانیان فەرمانبەر و ئێوارن قوتابی و شەوان باوک ، یان هاوینان لە ئەوروپا و پایزان لە کوردستان مناڵی ژنیکت کورد و هی ژنەکەی ترت ئەوروپی ئەمانە هەمووی شوناسی جۆراو جۆر دەبەخشنە هەڵگرو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان وەک ( قوتابی،مامۆستا، باوک، دایک، کورد، بێگانە ، نیشتەجیَ ، هاوڵاتی هتد) .

**دەستور : شوناسی دستە جەمعی تاچەند بەسە بۆ خوێندەوەی کەلتوری کۆمەڵگایەک؟**

عەلی زەڵمی / بریاران بەتایبەتی فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرنە ناسنامەی تاک لەم سەردەمەدا بە ناسنامەیەکی فرەگمەنت (شکاو پارچە پارچە بوو) و هەروەها ناسنامەی شل ناوزەد کردوە، هەڵبەت ئەمە لەبەرامبەر ناسنامەی سەردەمی مۆدێرنە دا کە زیاتر بە ناسنامەیەکی رەق، یەکگرتوو و یەکدانەی دەبینرا. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەو بۆچونانەی هەبوون لەسەر کار و پیشە بۆ هەتا هەتا کۆتاییان هات ، هەروەها بگرە مانای ئیش و جۆری ئیشکردنیش گۆڕاوە ، بۆ نمونە جاران جۆرە ئیشێک تەنها پیاو ئەیکرد و جۆرێکیش تەنها ئافرەت بەڵام ئێستا ئەو سنورە شکاوە، ئافرەت ئەبینی سەربازە، شۆڤێری تاکسیە هتد پیاو ئەبینی جوانکاری دەکات واتە یەکێک لە کاتگۆریەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی کە جەندەرە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و بەو روونییەی جاران نەماوەتەوە. ئەسڵەن خودی رەگەزی دوو جەمسەری پیاو/ژن ، نێر/میَ جێگای پرسیارە لای هەندیَ بیریار و کۆمەڵناس. تیۆرەوان و ئەکادیمستی بواری فیمنستی جودس باتلەر پێی وایە کە خودی دەستەواژەی پیاوەتی و ژنایەتی لە کۆمەڵگادا دروست دەکرێت و بونیاد دەنرێت ، واتە ئەوە شیوازو هەڵسوکەوتی ژیانی جۆرێکی تایبەتە لە جڤاتەکان کە هەندیَ ئەرک لە کۆمەڵگەدا دراوە بە پیاو و هەندێک بەژن بۆ نمونە ؛ ژن ئەرکی مناڵ

بەخێوکردنی هەیە و پیاویش کاری دەرەوە. لەمەش زیاتر پرسیاریش کراوە لەسەر دەستەواژەی دوو جەمسەری پیاو/ژن وەک تەنها دوو جۆرلە رەگەز لە ناو مرۆڤەکاندا بەڵکو هەندێک پێیان وایە زیاد لە دوو رەگەز هەیە . مەبەستم ئەگەر ناسنامەی تاک لەسەر بنەمای جەندەر،ئیتنیک،چینی کۆمەلایەتی یاخود پرۆفیشناڵیەتی دامەزرابێت ئەوا هەنووکە هەموو ئەو بنەمایانە لەژێر پرسیاردان و هەروا ئاسان نییە بڵێت ئەوە کەسێکی ، نێر،ئینگلیز، چینی کرێکار هتد وە بەهەمان شێوە ئەمە راستە بۆ هەموو نەتەوە و رەگەزەکانی تریش. کەواتە ئەم پرسە دەمانباتەوە بۆ کێشەیەکی تر ئەویش پەیوەندی نێوان تاک/کۆ، واتە کەسێک لەگەڵ کۆمەڵگەکەی یان نەتەوەکەی ، خزم و کەس و کاری و هەروەها خێزانەکەی خۆی . ئەم پەیوەندیە تا رادەیەک روون و کارا بووە لە سەردەمی مۆدیرنەدا و مرۆڤەکان بە کۆمەڵیک رێوشوێنی یاسایی یان خێڵەکی یا ئاینی هتد پەیوەندیان رێکخرابوو بە دەوروبەرەوە ، ئەمەش پابەند بووبەجۆری ئە کۆمەڵگە ئەو تیا دەژیا ئایا کۆمەڵگەیەکی داخراوی ئاینی یان کراوەی لیبراڵی یاخود خێڵەکی هتد. بەلام ئەم پەیوەندیانە بەو شێوەیە نامێننەوە و بگرە ماناکنی کات/شوین کە زۆر جار دیاریکەری ئەو پەیوەندیە بوون دەگۆڕن و بیگومانیش پەیوەندیەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت. وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەبینین کەسێک بە پەیوەندێکی تەلەفۆنی لە لادێیکی کوردستاندا سەرەخۆشی خۆی دەگەینێت ، بەمە خۆی لە رۆڵ و ئەرکێکی ئاینی کۆمەلایەتی دادەبڕێت . هەڵبەتە ئەمە بۆ کۆمەڵناس مانای زۆری لەخۆ گرتوە هەڵبەتە بە هەردوو بارەکەدا چ پۆزەتیڤ و چ نیگەتیڤ ، بۆ یە ئیمە لێرەدا هەڵسەنگاندن دەکەین نەک حوکمدان. هەبوونی سەدان پیگەی گروپ و جڤاتی ئەلیکترۆنی ، کەتیایاندا ئاهەنگی زەماوەند سازدەکرێت، وەعزی دینی دەوترێتەوە راوێژی کۆمەلایەتی دەکرێت، وانەی ئاکار و فەلسەفە دەوترێتەوە و بازاڕ و کڕین فرۆشتن دەکرێ و دڵداری و جیگای ژوانی ئاشقانە و چارەسەری دەروونی و یاری و کێ بڕکێ ئەنجام دەدریت . چیدی ناتوانییت و ناکرێت ئەم هەمە پەیوەندیە بەهەند وەرنەگری، ئەوەی هەر کۆمەڵگەو گروپێک لە سەر ئەرز دەیکا بە هەمان شێوەش لە دونیای هێڵی ئینتەرنێتدا بەرێوە دەچێت. دەیان بەسەرهاتی سالانی نزیک ئەوەمان پێدەڵین کە جاری واهەبوو مۆبایل دزینیک بوەتە هۆی دەرکردنی بڕیاریکی کۆنگریس لە ئەمەریکادا بە هۆی فشاری خوینەرانی ئەو رووداوە لۆکالییە لە لایەن بەکارهینەرانی لەسەر ئاستی گڵۆبالیەوە. بەجۆرێ کە مانایەک بۆ سنورە لۆکالی و گڵۆبالیەکان نەماوەتەوە ، تۆ لەیەک کاتدا کەسیکی لۆکالی و جیهانیشی کەواتە پەیوەندیەکانیشت بەدەوروبەرتەوە ئەو بارە دروستی دەکات کە تۆی تیایت نەک هەمان کاتوگۆری نەگۆڕ و نەجولاو. بێگومان ئەمە گرفتی زۆری لەگەڵ خۆ هەڵگرتوە و بیریاران بە ئێستایشەوە لە موناقەشەیەکی بەردەوام دان بۆ خویندنەوەو هەڵسەنگاندنی ، ئەوەی کە زۆربەیان لەسەری کۆکن ئەوەیە چیدی هەروا ئاسان نییە پێناسەی تاک بکری بەو کەرەستانەی سەردەمی مۆدێرنەوە بەڵکو لەم رۆژگارەدا مرۆڤەکان هەڵگری ناسنامەی ، جولاو، پەرشوبلاو و ناسنامەی فرەیی.

**دەستور/ ئەگەر هەموو سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی شوناس لە کۆمەڵی کوردیدا شوناسێکی تەواو نەکراویان دابێتە تاک، چ شتێک ئەتوانێت ئەم قەیرانە کۆتایی پێدێت؟**

عەلی زەڵمی / :پێویستە ئەوە بوترێت کە پرسی ناسنامە بە تەنها بوارێکی زانستی یاخود رێچکەیەکی زانستی بەس نیە بۆ خوێندنەوەی . لە مێژووی سەد ساڵی رابردودا چەندین لکی زانستی و ئەکادیمی لیکۆڵینەوەی خۆیان هەبووە لەمەڕ ناسنامە ، ئیدی چ ناسنامەی تاک بوبێ یاخود کۆ. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە کە چەندین پێناسە بۆ ناسنامە کراوە و لە چەندین گۆشەنیگای جیاجیاوە بیراوە و هەڵسینگێنراوە. هەر بۆنمونە لەدیدی فەلسەفیەوە ناسنامە ئەکرێت وەک تۆنیکی لەیەکچوون وینا دەکرێت، بەمانا هەموو ئەو تاکانە لە بیربۆچون، ئاکار، جیهانبینی هتد وەک یەکن و هاوشێوەن ئیدی هەڵگری یەک ناسنامەن. بەڵام وەک ووتمان ئەمە لە زانستی کۆمەڵناسیدا وانییە، بەڵکو ناسنامە دابەشدەکرێت بەسەر کاتیگۆریە کۆمەڵایەتی و جینایەتەکاندا، وەک جێندەر، تەمەن، باری ئابوری ژیان، پرۆفشناڵی، ئیسنیستی هتد لە تۆنی زانستی سیاسیدا تەنها ناسنامەی نەتەوەیی جیاکاری سەرەکی گەل و تاکەکانە ئەمەش هۆکار و مێژووی خۆی هەیە. لە هەوڵی ئەکادیمی نوێدا و بەتایبەتی لای سۆسیۆلنگیوستەکان و پۆس بۆندیادگەرەکان و پۆست مۆدێرنەکان مۆدیل و قسەی جیاواز هەیە لەمەڕ ناسنامە، ئەمان بگرە ئاراستەی خوێندنەوە و توێژینەوەی ناسنامەو خودناسیان گۆڕی، ئەوەمان بیر نەچێ گرنگی لێکۆڵینەوە لەسەر ناسنامە پەیوەستە بە هەڵسەنگاندی پرۆسەی خودناسی و تاکناسی ، ئەمە لەمێژوویشدا لە تۆنە فەلسەفیە کەیەوە هەروا بووە. ویستمان ئاماژە بوە بکەین کە زانستە جیاکان تێڕواننی جیاوزایان هەیە بۆ زانست کە واتە ، سەرچاوەکانی بەرهەمێنانی شوناس لەهەر کۆمەڵگەیەک دا پەیوەستە بە ڕادەی هۆشیاری و کارایی ئەکادیمی و بزافی فیکریی و بوژانەوەی ئابوری و گەشەی کۆمەڵایەتی لەسەر هەردوو ئاستی تاک و کۆ دا ، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر ئاستەنگە مۆرک و شێوازی ژیان و بگرە ئاستەکانی تر کە باسمانن کردن دیار بکەیەت ، چونکە زۆر بە سانایی خودی کۆمەڵگەی ئێمە شوناسی روونی نییە تا تاک هەبێت، بەمانا ئێمە تا ئێستاس نازانین قسە لەسەر چ جۆرە کۆمەڵگەیەک دەکەین، دیموکراتی، ترادیسۆنی و خێڵەکی ، مۆدێرنە پێش مۆدێرنە دوایی مۆدێرنە هتد. ئەمەش رەنگی داوەتەوە لەسەر تاکی کوردی و نازانین تاکی کوردی هەڵگری چ جۆرە ناسنامەیەکە؟ تا ئەم ساتەوەختانەش ئاین و مەعریفەی ئایننی ئاراستەی تاک و جڤات دەکات ئاین پێناسە بۆ زۆر دیاردەو شێوازی ژیان دەکات، ئاین لە دامودەزگای سکولاریدایە، لە میکانیزمی سیاسیدایە. خێڵ و پێکهاتەی خێڵەکی و بیرباوەڕی خێڵەکی کارایی بەرچاوی هەیە لە دامودەزگای بەرێوەبردن و حیزب و دەسەڵاتدا ، تێکەڵێکی سەیر هەیە لەنێوان خێڵ و مەدەنیەتدا لە کوردستاندا. کارەساتی وڵاتی ئێمە بە قۆناغی سروشتی گەشەی دیمۆکراسی و ئابوریی و سیاسی و تەکنۆلۆژیدا تێنەپەڕیوە ، وەک قوتابییەک وایە دوو ساڵی خویندینی بە ساڵێک بڕیبێت بەڵام بە واستە نەک بە زیرەکی . تاکی ئێمە لەم هەیجانەدا بێگومان رووبەرووی ژینگەیەکی ناتەندروست دەبێتەوە بەتاتیەبتی ئەمە لە ناو گەنجەکاندا بەروونتر بەدیار دەکەوێت . هەڵبەتە هۆکاری ئەمەش زۆر بەسانایی ئەوەیە کە تاک و گەنجی ئەمڕۆ سەرچاوە مەعریفیەکانی سنوری سەرچاوە کۆن و کلاسیکەکانی نەوەکانی خۆیان تێپەڕاندوە ، بەتایبەتی کە قسە دێتە سەر کاریگەریی تەکنۆلۆژیای زانیاری و کمینیکەیشن. مەبەستمان لە سەرچاوە کلاسیکەکان وەک کورد لەسێ جیهانبینی و سەرچاوە تێنەپەڕیوە مەگەر لەسەر تاکی زۆر

هوشیار و ڕێزەپەڕ، ئەوانیش سەرچاوەی ئایننی ئیسلام بەتایبەتی، سەرچاوەی بیریی رادیکاڵی و چەپی بەتایبەتی ماویزم بگرە ستالینیزم هەروەها سەرچاوەی سێەم کە بیریی ناسیۆنالیستی کوردییە کە زیاتر وەحی لە ترادیسۆن و ئاین و بیریی چەپەوە وەرگرتوە تا لە مۆدێرنەوە. ئەمڕۆ جیا لەوەی سەرچاوەی دیکە جیهانبینی تاکی دەوڵەمەند کردوە بگرە سروشت و پیناسەی ئەم سەرچاوانە ی پێشوش گۆڕاوە. ئەمڕۆ پرسی گەورە لەبەردەم ئەم چینە نوێیەی جڤاتدایە و تەحەدی گەورە چاوەڕیان دەکات کە تاقی بکەنەوە بەجۆرێ نەخشەی گوتاریکی فیکری داڕێژێت و لەوێشەوە ئەدگارەکانی ناسنامە و شوناسی تاک رەنگریژ بکات و پێناسە بکات. ئەگەرنا ناچارم دەستەواژەی پێناسەی وون بوون پێشبینی بکەم واش نازانم رەشبینم یاخود زیادەڕۆییم کردوە.